ئەمریکا... بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکەوە کەسێک گیانی لەدەستداوە و دو کەسی دیکەش برینداربون



میدیاکانی ئەمریکا ڕۆژی یەکشەممە باویانکردەوە، بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێك لە باشوری واشنتن دیسی کەسێك گیانی لەدەستدا و دو کەسی دیکەش بریندارىبو.

ڕۆژنامەی واشنتن پۆست باویکردەوە، بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکەوە کەسێك گیانی لەدەستداوە و دو کەسی دیکەش بریندارىبون کە ناوچەیەکی نیشتەجێبونی لە نزیك واشنتن دی سی هەژاندوە، تەقینەوەکەش زیانی بە ماڵەکانی نزیك گەیاندوە.
بەپێی ڕۆژنامە ئەمریکییەکە، دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ڕایانگەیاندوە، بەهۆی تەقینەوەکەوە هەندێك ماڵ مەترسی ڕوخانیان لەسەرە.
بەپێی هەواڵی میدیاکان، هێزە ئەمنییەکان گەیشتونەتە شوێنی ڕوداوەکە و ناوچەکەیان گەمارۆ داوە و ڕێگەیان لە نزیکبونەوەی هاوڵاتیان گرتوە.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بریتانی لە زاری شایەتحاڵێکەوە باویکردەوە، ئەو تەقینەوەیەی کە لە شەقامی 23ی باشور لە ناوچەی ئارلینگتۆن لە ویلایەتی ڤرجینیا ڕویدا، بەهۆی

بارهەڵگرێکی هەشی مەرسیدس-بێنز سپرینتەرەوە بوە.

ئەمە یەکەمجار نییە بارهەڵگرەکانی مەرسیدس لەمجارە بتەقنەوە، پێشتر 11 تەقینەوەی بارهەڵگری مەرسیدس-بێنز سپرینتەر بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما ڕویداوە، بەڵام تا ئێستا هۆکاری کۆتایی تەقینەوەکە نادیارە و دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لێکۆڵینەوە لە هۆکاری تەقینەوەکە دەکەن.